

# شاری رۆما و ئەفسانەی قفڵەکان

ئامادەکردنی: سوهام حەسەن

زۆر ئەفسـانەی رۆمانی هەیە دەربارەی دروسـتبوونی شـاری رۆما. بەڵام ئەوەی زۆر بڵاوە دەگێرنەوە: کە خوای رۆما (مارس) بە خوای شـەرەکان لەلایـەن دێرینەکانی رۆمان ناسـراوە، لە کچی پاشـای بالونجا جمکێکی دەبێت کـە هەر دووکیان کور دەبن بـە ناوی ریمۆس‌و رۆملوس. کە ئەم خوێنرێـژە هەر دووکیان فرێدەداتە ناو رووباری تیبر، بـە هۆی شـەپۆلەکانی ئـاو ناخنکـێن‌و دەکەونە کەناری رووبارەکە، لـە دوایی گورگێگ بە خێویاندەکات، هەتا شـوانێك بە نـاوی (فاوسـتۆلوس) دەیاندۆزێتەوە پەروەردەیان دەکات، لەو شوێنەی کە رۆمای لێدروستبووە، دوای گەورەبونیـان رۆملوس لەسـەر گـردی بالاتین کە بەسـەر گـردی کوێرینالیـس دەروانێـت، ئاوەدانییـێك دروسـتدەکات، هەروەها ریموس ئەویش ویستی ئاواییێك لەسـەر گردی ئەڤەنتین دروسـتبکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، ئەمەش بۆ ٧٥٣ سـال پێش زایبن دەگەرێتەوە. لە سـاتێکی تورەبووندا رۆملوس براکەی دەکوژێت، دەبێتە یەکەم پاشای شاری رۆما تا چەند ئەفسانەکە راستە ئەوە جێگای پرسـیارە، شاری رۆما لە هەزارەی یەکەمی پێش زاین دروستبوو.

**رۆمای ئێستا:**

یەکێکـە لـە جوانتریـن‌و کۆنتریـن پایتەختەکانـی ئەوروپـا، لـە هەموولایەك بـە شـەقامە مێژووییەکان‌و مۆزەخانەو بازارو شـوێنەواری شارستانی رازاوەتەوە، لە سـاڵی (١٨٧٠) رۆمـا بوو بە پایتەختی رێکخـەری ئیتالیا، رەنگە زانسـتیەکانی لە نێوان خۆپیشاندانی خوێندکاران هەڵبژێردراوە، کە پێش سەدان ساڵ لەلایەن فەیلەسوف‌و شاعیر (دانتێ) ئەم رەنگانە وەکو هێمایەك بۆ باوەرداری‌و چاکەو هیوا هەڵبژێردراون. ئەم شارە جوانە لەبەرئەوەی لە سەرەتا لەسـەر چەند گردێك دروستبووە، بۆیە شاری حـەوت گردەکانی پێیدەلێن، دیارتریـن گردی کابیتۆل‌و

ئەڤەنتینو بالاتین، هەرچەندە حەوت گرد لە خۆناگرێت.
بوونی رووباری تایبر هۆیەکی سەرەکیە بۆ گەیشتنی رۆما
بە دەریای تیرانی لەلایەكو لایەکیتر بۆتە هۆی ئەوەی کە
دەسەلاتی بە سەر کەنارەکانی رۆژئاوای ئیتالیاوە هەبێت،
چونکە شارەکە کەوتۆتە ناوەراستی ولاتەکە، لەبەر ئەمە
وێسگەیەکە بۆ بە یەکگەیشتنی باکوورو باشوری
ئیتالیا. رۆما شارێکی مێژوویو
هو نه ر يه ،



بە تەلارسازی و
نەخشەکێشان و پلاندانان بەناوبانگە،
ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ژینگەی جیۆلۆجیو سروشتی
شارستانیەتی رۆما. رۆما بە (ماری نوسترم) ناو نراوە
بەمانای دەریایەکەمان، جوانی رۆما هاوارێکە هەزارەها
عاشقی بە دیمەنە جوانەکانی شەیداکردوە.
لەگەڵ بینینی زۆر لە دیمەنە جوانەکانی رۆما لە سینەماو
تەلەڤزیۆن کە زۆربەیان رەشوسپین، وایکردوە کە وشەی
رۆما لە چاوو گوێو هزرمان رەنگبداتەوە. زۆری شوێنەواری
شارستانی لەوانە: کۆلۆسیو، ڤاتیکان، فۆر، روماتۆ، کەنیسەی
قەدیس پترس، نافورەی تریفی، کۆمەلەی خواکانی بارپینون
پەرستگای ڤینۆس. لەگەڵ بوونی ئەو هەموو شارستانیەتیە
زۆر نەریت هەیە لە رۆما هەر لە کۆنەوە پەیرەوی دەکەن
هەتا ئێستاش بەردەوامە.
نافورەی تریفی: دەکەوێتە دڵی پایتەخت جوانی ئەم
نافورەیە لە فلیمی (لادولتشی ڤیسا) بە مانای ژیان جوانە
دەرکەوت، ئەم فلیمە لە دەرهێنانی (فدریکۆ فیلبنی) بوو
کە ئەستێرەی بە ناوبانگ (ئەنیتا ئیکبرنج) لە ناوەراستی
نافورەکە وەستابوو، ئەم نافورەیە لە ساڵی (١٩)ی پێش زاینی
دروستکراوە، لە سەدەی پێنجەمی پاش زاین، لە سەر داخوازی
پاپا (نیکۆلۆ پێنجەم) نوێکراوەتەوە، بە گواستنەوەی ئاوو
دروستکردنی کانییەك لە تەنیشتی بۆ کۆکردنەوەی ئاو،
گۆرەپانێکی گەورەی هەیە بەبەردو پەیکەر رازاوەتەوە،
لە سەدەی هەژدەم بە یارمەتی هونەرمەند (نیکۆلۆ سالفی)
نەخشکراوە، هەرکەسێك سەردانی رۆما بکات
دیدەنی تەواو نابێت هەتا سەر
دانی ئەم نافورەیە نەکات،بووە
بە نەریت هەزارەها کەس
سەردانی ئەم شوێنە دەکات
بۆ فرێدانی پارچە پارەیەکی
بۆ ناو نافورەکە، بەمەرجێك
پشتی لە تاڤگەکە بێتو لە سەر
شانیەوە پارچە پارەکە فرێبداتە
ناو نافورەکە، هەرکەسێك ئەم کارە
بکات دڵنیان جارێکی تر سەردانی
رۆما دەکاتەوە، ئەفسانەکە مانای تر
لە خۆوەدەگرێت کە تاڤگەکە بەم
کەشو هەوایە راهاتوە، بۆ مەبەستی
بەجێهێنانی بەختو هیواکان
بەتایبەتی هیوای عاشقان. ئێستا پردی
(پۆنتی میلیڤۆ)پێشبرکێیەتی لەگەڵ ئەو
تاڤگەیە .

## چیرۆکی پردەکە:

پردی پونتی میلیڤۆ لەسەر رووباری
(تیبر)دروستکراوە، ئەم رووبارە لە درێژیدا
سێیەم رووباری ولاتی ئیتالیایە، دروستکردنی
پردەکە دەگەرێتەوە بۆ رۆژگاری شاهینشای
رۆما لە ساڵی (١٠٩) پێش زاینی، لەسەر دەستی دادوەری
رۆما (مارکۆس ئەمیلوس سکارۆس) .
ئەم پردە رۆلێکی مێژوویو زیندووی هەیە بۆ
بەیەکگەیشتنی زۆر رێگا لە شارە جیاوازەکانی ئیتالیا
بۆ رۆما. هەندێجار بەم پردە دەڵێن (پۆنتی مولی) پۆنتی
میلیڤۆ ناوبانگی مێژووی لە زۆر شەرەکان بەدەستهێناوە،
یەکێك لەو شەرە گرنگانە، شەری نێوان قەستەنتینیەکانە.
یەکەم شاهینشای مەسیحی (وبین ماکسینبتۆس) لە ساڵی
٣١٢ زاینی توانی سەرکەوتنێکی بێوێنە بەدەستبهێنی،
کە بۆتە خاڵی گۆران لە مێژووی مەسیحیەت، لەسەر ئەم
پردە دەیانو سەدان کوژراو لاشەکانیان لەسەر لێوارەکان
بەجێمابوو، کە بەشێك لە پردەکەی تەقاندەوە کۆششێك

بوو بۆ وەستانی سەربازی فەرەنسا لە رۆما لە سەدەی ناوەراستدا، هەتا سەدەی نۆزدەم، لە سەدەی بیستەکان پردی پونتی میلیفۆ کاری چاکردنەوەی بە خۆوەبینی. ئەگەر تا دوێنی پونتی میلیفۆ هێمایەك بووبێ بۆ شکۆی رۆماو سەربازەکان، لە پێناوی بەرگری دروشمی شاهینشاوە، بەڵام لەم سەردەمەدا نرخەکەی بە تەواوی گۆراوە لە شەرو مردن بۆتە شوێنی رۆمیۆو جولێت زۆر لە عاشقان‌و هەواداران بە مەبەستی بەڵگە بۆ پەیمانی خۆشەویستی‌و مانەوەی بۆ هەتا هەتایی سوێندی پەیمانی خۆشەویستی لە سەر ئەم پردە بۆ یەکتر دەخۆن، ئەویش بەکرینی قفڵێك‌و نەخشکردنی هەردو پیتی یەکەمی ناویان، یان بە نووسینی ناویان بە تەواوەتی‌و بەستنەوەی بە زنجیرەیەك بەسەر ستونی چراخانی سێیەم لە باکووری پردەکە. پاش داخستنی قفڵەکە لەسەر خۆشەویستانە، کە کلیلەکە لەسەر شانیان کە پشتیان لە رووبارەکە بێت فرێبدەنە ناو ئاوی رووبارەکە ئەو نەریتە تا ئێستا پەیرەو دەکرێت.

**سەیرانگای خۆشەویستان:**

باس لە هەندێ یان دەیان خۆشەویست ناکەین، بەڵکو ئەم کەش وهەوایە وایکردووە کە سەدان عاشق بگرە هەزاران عاشق بۆلای خۆی رابکێشێ، ستوونی چراخان لەهەزارەها قفلی خۆشەویستی پڕبێت. هەرزەکاران وگەنجان وپیرەکانیش ئەم کەش‌و هەوایە وادەبینن کە هەلێکە بۆ نوێبونەوەی پەیمانی خۆشەویستی، جێگیربوونی ستوونی چراخان لەباکوری پردەکە بۆتە وێستگەی چاوپێکەوتنی خەڵك‌و گەشتکەرەکان، هەر قفلێك بەزنجیرێك بە ستونەکە بەستراوە، لەم زنجیرەیە دەیان‌و سەدان لقی لێدەبێتەوە، کاتێ تیشکی خۆر بەر ستوونی چراخان دەکەوێ، ئەم زنجیرەو قفلانە کەپیت‌و ناوی هەزارەها رومیۆو جولێتی لەسەر نوسراوە وەك داری لەدایکبوون دێتە بەرچاو، لێرەدا ناتوانیت پرسیار لە خۆت نەکەی کە ژمارەی ئەو کلیلانە کە لەناو رووبارەکە بە ئارامی هەن چەندن، کە داخراون‌و پاسەوانی لە نهێنی سەدان، بگرە هەزاران عاشقدەکەن؟ چۆن پردێك کە پەیوەندی بە مێژووی شەر هەبووە، بۆ مەزارگەی رۆژانەی هەزارەها کەس گۆرا ؟ بەسەرهاتی کلیل‌و قفڵەکان‌و فرێدانی بۆ ناو رووبار هەڵگری نەهێنی سەدان سۆزی مرۆڤو سەدان هیواو لەرزینەوەی هەستەکان‌و لێدانی ناجێگیری هەزاران دڵە؟

چیرۆکی خۆشەویستیەکی رۆمانسی کە (فیدیریکۆ مۆتشیا) ئیتالی نووسویەتی بەناونیشانی (سێ مەتر لەسەرو ئاسمان) نووسەر زەحمەتییێکی زۆری کێشا کەسێك، دەزگاییێك نەبوو کە چیرۆکەکەی بۆ چاپبەکەن، لە کۆتایدا لە سەرحسابی خۆی لە ساڵی ١٩٩٢ بڵاویکردەوە. کتێبەکە زۆری لێفرۆشرا، ئەوانەی کە داستانەکەیان کری هەموویان گەنج‌و هەرزەکار بوون، بەتایبەتی کە تەمەنیان لە نێوان (١٢- ٢٠) ساڵان بوو. کەسایەتی پاڵەوانەکانی ناو چیرۆکەکە کاریگەریان هەبوو کە هیچ دانەیەك لە کتێبەکە لە کتێبخانەکان نەما، ساڵی ٢٠٠٤ راگەیاندنی فیلتر ینیلی کە گەورەترین دەزگای راگەیاندنە لە ئیتالیا، هەلەکەی قۆزتەوە بە هۆی شەیدابوونی گەنجان بۆ چیرۆکەکە جارێکی تر چاپیکردەوە، تا ئەمساڵ (١١٠٠٠٠٠) دانەی لە ئەورووپاو یابان‌و برازیل لێفرۆشرا، لە دوای ئەوەی کە چیرۆکەکە کرا بە فلیم بە ناونیشانی (دەمەوێ) دوو پاڵەوانەکە (بابی و ستیب) دوو هەرزەکاری کۆمەڵگەییێکی دواکەوتوو، کە لە نێوانیاندا خۆشەویستی پەیدابوو، کچەکە داوا لە کورەکە دەکات بچێتە سەر پردی پونتی میلیفۆ بۆ نووسینی پیتی یەکەمیان لە سەر قفلێك و فرێدانی کلیل بۆ ناو ئاوی رووبارەکەو هەڵواسینی قفڵەکە بە ستوونی چراخانی سێیەم لە باکوری پردەکە، بەمشێوەیە ئەفسانەکە لە خەیاڵەوە بوو بە راستی، هەرگیز بەخەیاڵی دەرهێنەر نەدەهات کەکەش‌و هەوایەکی وا بۆ هەموو ئیتالیەکان بخولقێندرێت، ببن بە بینەری فلیمەکە، لە کاتی نمایشکردنی بەشی دووەمی فلیمەکە سەدان و هەزاران هەرزەکاری ئیتاڵی‌و ئیسپانی‌و فەرەنسی قفلیان بە ستوونی پردەکە هەڵواسی، بە تەنها هەرزەکاران کلیلەکان بۆ ناو رووبارەکە ناهاوێژن، بەڵکو بەتەمەنەکانیش پردەکە سەرنجیان رادەکێشێت، قاوەخانەییێك لە تەنیشت پردەکە هەیە ناوی خاوەنەکەی لۆتیشیایە، ئەو دەڵێت: هەموو رۆژێك گەشتیاران لە هەموو لایەکی جیهان بۆ کرینی قفل‌و هەڵواسینی بە چراخانی پردەکە بۆ ئێرە دێن. رۆژێکیان دوو هاوسەری ئوسترالی کە تەمەنیان ٦٠ ساڵانە بوو، بۆ کرینی قفلێك‌و هەڵواسینی بە مەبەستی پەیمان نوێبوونەوە لە نێوانیاندا بۆ ئێرە هاتبوون، (جۆرجیۆ کاتیکاری) ئیتالی خاوەنی کۆشکی فرۆشتنی میوە، لە سەرپردەکە دەڵێت: هەزارەها کەس لە رۆژانی پێنج شەممەو هەینی‌و شەممە بەتایبەتی ئێواران سەردانی ئەم پردە دەکەن، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەینێت کە خاوەنی هەموو قفڵەکان دڵخۆش بن، یەکێك لە فرۆشیاری قفڵەکان دەڵێت: رۆژێك گەنجێك هات داوایلێکردم کە یارمەتیبدەم قفڵەکەی بۆ بشکێنم کە بەزنجیرەی هەزارەها قفلی تر بەستراوەتەوە، گەنجەکە زۆر بەخەمبوو، چونکە خۆشەویستەکەی لێی جیاببوەوە، دەیویست لەم قفڵە رزگاریببێت، هەموو شتێکی بەکارهێنا بۆ شکانی سوودی نەبوو، لە کۆتای بە مشار بریەوە.